https://www.doi.org/10.31918/twejer.2141.13

e-ISSN (2617-0752)        p-ISSN (2617-0744)

# شوێنەوار و ناوی شارە کۆنەکانی ژێر شاری سلێمانی

## لەبەر ڕۆشنایی تۆمارە مێخی و کلاسیکی و بەڵگە شوێنەوارییەکاندا

د. دڵشاد عەزیز مارف زاموا

بەشی شوێنەوار- کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان- زانکۆی سلێمانی

dlshadazamua@gmail.com

**پوختە**

شاری سلێمانی لە ساڵی ١٧٨٤ز. لە لایەن بابەنەکانەوە دروستکراوە، بەڵام زیاتر لە پەنجا هەزار ساڵە ژیان و شارستانیەت و ئاوەدانی لەم شوێنەی شاری سلێمانی و چیا و ئەشکەوتەکانی دەوروبەریدا بەردەوامە. لەبارەی ئەو پرسیارەی کە ئایا شاری سلێمانی لەسەر شوێنەواری چ شارێک دروستکراوە، مێژوونووسان و شوێنەوارناسان بۆچوونی جیاوازیان نووسیوە، ئێمە لێرەدا گفتوگۆی دوو بۆچوون دەکەین، یەکەمیان ئەو بۆچوونەیە کە مێژوونووسی کورد ئەمین زەکی لە کتێبەکەیدا (تاريخ السليمانية) ئاماژەی پێداوە کە گوایە ناوی سلێمانی لەوانەیە لە ناوی شاری (سیلونا)وە هاتبێت، ئەمین زەکی خۆی دەڵێت ئەم بۆچوونە بۆچوونی ولیام لەینە کە خاوەنی کتێبی ( Babylonian Problems)ە، بەڵام توێژەرانی ناوخۆ بە هیچ شێوەیەک نەگەڕاونەتەوە سەر کتێبەکەی لەین، بەڵکو تەنها ئاماژەیان بە کتێبەکەی ئەمین زەکی کردووە، لەبەرئەوە لە چەند کتێب و ماستەرنامە و تێزی دکتۆرادا ئاماژە بەم بۆچوونە کراوە بەبێ گەڕانەوە بۆ سەرچاوە ڕەسەنەکان و زانینی هیچ وردەکارییەک لەبارەی ناوی (سیلونا)کەی ئەمین زەکی بەگ، و وادادەنێن کە ناوی شاری سلێمانی لە ناوی شاری کۆنی (سیلونا)وە هاتووە، بەبێ ئەوەی بزانن ئەم شارە لە چ تۆمارێکی کۆن و چ سەردەمێکدا باسکراوە. کارین رادنەر (٢٠١٧) وا پێشنیازدەکات کە شوێنەواری شاری ئارراکدی (پایتەختی) وڵاتی زاموای لوللوبییەکان لەژێر شاری سلێمانیدایە، سپایزەر ناوی لادێ و گەڕەکی ولۆبەی سلێمانی لەگەڵ شاری لاگالاگای وڵاتی زاموای لوللوبییەکان پەیوەستدەکاتەوە. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدەین بە پشتبەستن بە دەقە مێخییەکان و سەرچاوە گریکی و ڕۆمانییەکان کە باسی ئەم شار و ناوچەیەیان کردووە لەگەڵ بەڵگە شوێنەوارییەکاندا، ڕاستی و ناڕاستیی ئەم بۆچوونانە گفتوگۆ بکەین،

و دەرئەنجامی نویێ بخەینەڕوو، و باس لە دۆزینەوە شوێنەوارییەکان لە چینەکانی ژێر شاری سلێمانیش بکەین.

**وشە کلیلییەکان:** سلێمانی، شاری کێلۆنایێ (سێلۆنایێ)، شاخی سیلونا، شاری ئارراکدی، شاری لاگالاگا، گردی مەڵکەندی/ دەبۆکە (قشڵە).

**شوێنەوار و ناوی شارە کۆنەکانی ژێر شاری سلێمانی**

**لەبەر ڕۆشنایی تۆمارە مێخی و کلاسیکی و بەڵگە شوێنەوارییەکاندا**

**ئامانجی توێژینەوەکە**

توێژینەوەی زانستی لە هەر بوار و پسپۆڕییەکدا هەوڵێکە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارێکی زانستی و دۆزینەوەیەکی نویێ، یاخود ڕاستکردنەوەی دەرئەنجامی توێژینەوەکانی پێشووتر. ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات دەرئەنجامی چەند توێژینەوە و کتێبێکی مێژوونووسان و شوێنەوارناسانی ناوخۆیی و بیانی ڕاستبکاتەوە، کە بە نادروستی شوێنی چەند شار و ناوچەیەکی کۆنی کوردستانیان دیاریکردووە و وایان داناوە شوێنەواری ئەو شارانە دەکەونە ژێر شاری سلێمانی، و سلێمانی لەسەر شوێنەواری ئەم شارانە دروستکراوە. تیشکدەخەینەسەر ناوی ئەو شارانەی کە توێژەران پێیانوایە لە کۆندا لەو شوێنە بوون کە دواتر بابانییەکان شاری سلێمانییان لەسەر دروستکرد.

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدەین گفتوگۆی گشت ئەو بۆچوونە جیاوازانە بکەین کە باس لە شوێنەواری ئەو ئاوەدانییە کۆنانە دەکەن، کە پسپۆڕان پێیانوایە شوێنەوارەکانیان لەژێر شاری سلێمانیدایە، و لەبارەی

شارەکانی کێلۆنایَ (سیێلۆنایَ)/ سیلونا و ئارراکدی و داگارا، و لاگالاگا و هەڵکەوتەی جوگرافیاییی ئەو شارانە و پاشماوەکانیان و لێکدانەوەی بەڵگە شوێنەوارییەکان بۆ ساغکردنەوەی مێژووی شارەکە و گفتوگۆی ناوەڕۆکی دەقە مێخییەکان و تۆماری نووسەرە گریکی و ڕۆمەکان لەبارەی شار و چیاکانی ناوچەکە ساغدەکەینەوە.

## ١. بۆچوونەکان لەبارەی بنەچەی ناوی سلێمانی

لای هەمووان ئاشکرایە کە لە ساڵی ١٧٨٤ز. بابانییەکان پایتەختیان لە قەڵاچوالانی شارباژێڕەوە بۆ شوێنی ئێستای سلێمانی گواستەوە، بناغەی شارێکی مۆدێرنی سەردەمی خۆیان دامەزراند (بابان، و ئەوانی تر، ٢٠٠٢; ڕەشە، ٢٠٠١، ل ٦٨-٧٦). هەروەها بۆچوونی زۆر جیاواز لەیەکتریش هەن لەبارەی ئەوەی کە ناوی (سلێمانی) لە چییەوە هاتووە؟ و بۆچی ئەم شارە ناونراوە سلێمانی؟ یان وەک لە سەردەمی بابانەکان پێیان دەوت (سولەیمانی)، بۆچوونەکان لەبارەی ناوی سلێمانی دەتواندرێت بکرێن بە سێ بۆچوونی سەرەکیی جیاوازەوە:

**سلێمانی بە ناوی سلێمان پاشاوە ناونراوە سلێمانی،** دەستەی یەکەم کۆکن لەسەر ئەوەی کە ناوی سلێمانی (سولەیمانی) لە ناوی کەسێکەوە هاتووە، کە ناوی سولەیمان بووە، جا ئەو کەسە سولەیمان پاشای کوڕی ئیبراهیم پاشا بووبێت، یان سولەیمان پاشای والی عوسمانی لە بەغدا بووبێت کە دۆستی نزیکی ئیبراهیم پاشا بووە، یان گێڕانەوەی چیرۆکی بەتەمەنەکانی شار کە دەڵێن لە کاتی دروستکردنی کۆشکی میرانی بابان لەسەر گردە شوێنەوارییەکەی نزیک مەڵکەندی موستیلەیەک کە ناوی سولەیمان (موستیلەکەی حەزرەتی سولەیمان)ی لەسەر بووە دۆزراوەتەوە، و بڕیار درابێت ناوی شارەکە بەو ناوەوە بندرێت سلێمانی (زەینەدین، ٢٠١٧، ، ل.٨-٧; بابان، و ئەوانی تر، ٢٠٠٢; ڕەشە، ٢٠٠١، ل ٦٨-٧٦.).

ئەم بۆچوونانە هەموویان پشت دەبەستن بە گێڕانەوە و لێکدانەوە، هەرچەندە بەداخەوە میرانی بابان ئەو هەموو دنیادیتییە و پشتگیری نووسین و ئەدەب بوون، بەڵام تۆمارێکیان لە دوای خۆیان بەجێنەهێشت و یادەوەری دروستکردن و ناونانی ئەم شارەی تیا تۆماربکەن، لەوانەشە شتێکی لەو جۆرە نووسرابێت، بەڵام بەداخەوە بەدەستنەگەیشتووە، یان تا ئێستا نەدۆزراوەتەوە. ئێمە لەم توێژینەوەیەدا تیشکدەخەینەسەر سلێمانی لە پێش دروستکردنی شاری سلێمانی.

## ١.١. ناوی سلێمانی لە شاری کیلۆنا(سیلۆنا)[١]وە هاتووە؟

ژمارەیەک لەو ماستەرنامە و تێزی دکتۆرایانەی کە لە زانکۆکانی کوردستاندا لەبارەی مێژووی نوێ و هاوچەرخی سلێمانی یان لەبارەی شوێنەوار و کەلەپووری ئەم شارە نووسراون، و هەندێکیشیان وەک کتێب چاپکراون، زۆربەیان لە سەرەتادا کە دێتە باسی بۆچوونە جیاوازەکان لەبارەی ڕەگ و ڕیشەی ناوی سلێمانی، دەنووسن کە ناوی سلێمانی ناوێکی کۆنی شارێکە و بە شێوەی (سیلۆنا) ئاماژەی پێدراوە، یان دەنووسن یەکێک لە بۆچوونەکان لەبارەی ناوی سلێمانی ئەوەیە کە شارەکە لەسەر شوێنەواری شاری سیلونا دروستکراوە و ناوی سلێمانی لەو ناوەوە هاتووە (شوانی، ٢٠٠٢ ، ل.٧١-١٩; زەینەدین، ٢٠١٧، ل.٦٨-٧٦ شوانی، ٢٠٠٢، ل. ١٧-١٩). بۆ سەرچاوەی ئەم زانیارییانە ئاماژە بە کتێبەکەی مێژوونووسی گەورەی کورد محەمەد ئەمین زەکی بەگ (تاریخ السليمانية) دەکەن. لە خوارەوە هەوڵدەدەین لێکۆڵینەوە لەم بابەتە بکەین و بچینە بنج و بناوانی ئەم ناوە:

## ١.٢. ناوی سلێمانی و پەیوەندی بە شاری سێلۆنایێی سەردەمی ئەسکەندەری مەکدۆنییەوە

هەروەک لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا، گشت ئەو سەرچاوە و کتێب و ماستەرنامە و تێزی دکتۆرایانەی کوردستان کە باسیان لە سیلۆنا کردووە، تەنها ئاماژەیان بە کتێبەکەی ئەمین زەکی بەگ کردووە، و نەگەڕاونەتەوە سەر سەرچاوەکانی ئەمین زەکی (زکی، ١٩٥١، ص٢٧، الهامش ٢; زەینەدین، ٢٠١٧، ل.٦٨-٧٦ شوانی، ٢٠٠٢، ل. ١٧-١٩). جگە لە عەبدولڕەقیب، لەگەڵ ئەوەی کە ئەویش نەگەڕاوەتەوە سەر سەرچاوەکانی ئەمین زەکی، بەڵام توانیویەتی هەندێک لێکدانەوە بۆ ساغکردنەوەی ئەم باسە بکات، دوای ئەوەی ئاماژە بە بۆچوونەکەی محەمەد ئەمین زەکی بەگ، و پەراوێزەکەی مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی دەکات، عەبدولڕەقیب یوسف دەنووسێت "*نازانین لاین(لەین)*[٢] *ناوی سیلۆنا و شوێنەکەی لە چ سەرچاوەیەکدا دیوە و، ڕەنگە نووسیبێتی، بەڵام ئەمین زەکی هەمووی نەنووسیبێتەوە. دەستنیشانکردنی سەردەمی مێژووی ناوهێنانی سیلۆنا زۆر پێویست بوو بزانرێ. وابزانم ناوی ئاکباتانا بۆ دەرکەوتن لە سەردەمی (ماد)ەوە دەست پێدەکات. ئەگەر سیلۆنا سلێمانی بێ، دەبێ کاتی ماد یان پاشتر لە سەردەمی ئەخمینی (٥٥٠-٣٣١ پ. ز.) و سلوقی (٣٣١-١٣٧ پ. ز.)دا ئاوەدان بووبێ. واتە لە دووەم سەردەمی خۆیدا کە دووەم چین، واتە چینی شوێنەواری سەرەوە، پیشانیدەدات. بەڵام شاری یەکەم سەردەمیش کە یەکەم چینی شوێنەواری خواروو دەنوێنێ، ئەوە زۆر کۆنترە و دوورنییە ماوەی دەوری هەزارساڵێک بەسەر کاولبونیدا تێپەڕیبێ ئەو جا شاری دووهەم ئاواکرابێ. ناوی سیلۆنایش لە نێو ناوی ئەو بیست و چوار شارەدا نییە کە ناسرپاڵی دووەم (٨٨٣-٨٥٩ پ. ز.)ی پاشای ئاشووری لە وڵاتی (زاموا-ساموئە) داگیرکردن. شوێنەوارناسانیش ناوی سیلۆنایان نەهێناوە. لەبەر ئەمە پێدەچێ (لاین) ئەم ناوەی (سیلۆنا)ی لە هێندێ سەرچاوەی گریک و ڕۆمان وەرگرتبێ (یوسف، (٢٠٠٠)،*

*ل.٤٣)". له شوێنێکی تردا دەڵێت: "ئەو کەسانەی وتویانە ناوی (سلێمانی) لە (سیلۆنا)وە هاتووە بە دوری دەزانم"* (یوسف، ٢٠٠٠، ل.٤٤). لێکدانەوەکانی عەبدولڕەقیب زانستی و لێکدانەوەی ئەکادیمین، تەنها ئەوە نەبێت ئەو نەیتوانیوە بگاتە سەرچاوەکانی ئەمین زەکی، لەگەڵ ئەوەی پێشبینی ئەوەی کردووە کە دەبێت سەردەمی شاری سیلۆنا بۆ سەردەمی میدی-هاخامەنشی-سەلوکی بگەڕێتەوە، و دەبێت سەرچاوەی سەرەکی و کۆن لەبارەی شاری سیلۆنا لە سەرچاوە گریکی و ڕۆمانییەکانەوە لە لایەن لاین (واتە: ولیام لەین)ەوە وەرگیرابێت، بەڵام لە هەمان کاتیشدا هاتووە بەراوردی چینەکانی خۆڵی شوێنەواری گردی قشڵە و دەبۆکەی ناوجەرگەی سلێمانی بە چینە شوێنەوارییەکانی ئەو شاری سلیۆنایە دەکات.

ئێمە وەک توێژەری ئەم توێژینەوە نوێیە بۆ ئەوەی زانیارییەکان ساغبکەینەوە گەڕاینەوە سەر کتێبەکەی ئەمین زەکی و بینیمان کە بەم شێوەیە باسی ئەم بابەتەی کردووە:

*"نووسەری (Babylonian Problem) قائیمقام (لاین W.H. Lane) دەڵێت: شاری سیلۆنا کە دەکەوتە سەر ئەو ڕێگەیەی لە ئەکباتان-هەمەدان دەبووەوە و دەکەوتە نێوان دەربەندی بازیان و ئەو شارۆچکەیەوە، پێویستە وا بڕیاربدەین کە لە شوێنی سلێمانی ئێستابووبێت"*( زکی، ١٩٥١، ص٢٧).

پاشان ئەمین زەکی بەگ ئەم بابەتە پەیوەست دەکاتەوە بە باسی ئەو گردە شوێنەوارییەی نزیک مەڵکەندیی کۆن، واتە گردی قشڵە (دەبۆکە و سەرا و دەوروبەری) کە بابانەکان کۆشکەکەیان لەسەر دروستکردووە، و بەشێک لە گردەکەیان تێکداوە، و لەوێ بەردە نووسراوێکیان دۆزیوەتەوە و نەیانزانیوە بە چ خەتێک نووسراوە، ئەمین زەکی دەڵێت:

*"مستەر ڕیچ ئەوکاتەی لە سلێمانی بوو، هەواڵی دۆزینەوەی پاشماوەی کۆنی لە کاتی هەڵکەندنی بناغە بۆ کۆشک لە مەحمود پاشا (ی بابانی) بۆ گێڕدرایەوە، ئەگەر ئەم کارە وابووبێت، ئەوە دوورنییە، کە ئەو شوێنەوارە لە پاشماوەی شارۆچکەی (سیلونا) بووبێت (زکی،* ١٩٥١، ص٢٧)."

پاشان لە پەراوێزی هەمان لاپەڕەدا، مێژوونووس مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی (وەک وەرگێڕی ئەم کتێبەی ئەمین زەکی بۆ زمانی عەرەبی) دەڵێت:

*" وەک لە نزیکی نێوان هەردوو ناوی (سیلونا)ی کۆن و (سلێمانی) ئێستادا دەردەکەوێت، ئەم شارۆچکەیە لە شوێنی ئەوەی تر دروستکراوە، و ناوەکەشی هەر لە ناوی ئەوەوە هاتووە، بەڵام ئەوەیە کە دواتر گۆڕانکاری بەسەر ناوەکەیدا هاتووە* (و لە سیلوناوە گۆڕاوە بۆ سلێمانی) (زکی، ١٩٥١، ص ٢٧، الهامش ٣)."

ڕیچ لە گەشتنامەکەیدا دەڵێت، لە کاتی بناغە لێدان بۆ دروستکردنی کۆشکەکەی عەبدولڕەحمان پاشا، گۆزە و سکە دۆزرانەوە، هەروەها دەڵێت لە مەڵکەندیی کۆن (کە دەکاتە خۆرهەڵاتی گردی دەبۆکە و شوێنی سەرا و گۆڕەپانەکەی سەرا لەوێش لە کاتی بناغەلێدان، ئێسکی مرۆڤ لە ناو گۆزەدا دۆزرایەوە و هەروەها کرێکارەکان بەردێکی نووسراویان دۆزییەوە کە نەدەخوێندرایەوە، فڕێدرا (ریچ، ٢٠٠٨، ص١٢٤).

لە توێژینەوەی ئەکادیمی بواری شوێنەوار و مێژووی کۆندا دەبێت بگەڕێینەوە بۆ سەرچاوە ڕەسەنەکان، لەبەرئەوە ئێمە هەوڵماندا بزانین ئەم بۆچوونانە لە چ سۆنگەیەوە سەرچاوەی گرتووە، کتێبەکەی ولیام لەین (Babylonian Problems)مان دەستکەوت، لەو کتێبەیدا، لەین دەڵێت ئەسکەندەری مەکدۆنی بەپێی گێڕانەوەی مێژوونووسی ڕۆمانی

کوینتوس کورتیوس ڕوفوس (Quintus Curtius Rufus) که مێژوونووسێکی ڕۆمانی بووه و له سه‌ده‌ی یه‌که‌می زاینی ژیاوه، له کتێبه‌که‌یدا به‌ناوی (مێژووه‌کانی ئه‌سکه‌نده‌ری گه‌وره " Histories of Alexander the Great) باسی تێپه‌ڕینی ئه‌سکه‌نده‌ری به چه‌ند ناوچه‌یه‌کی میسۆپۆتامیا و عیلام و میدیادا کردووه، و یه‌کێک له‌وانه شاری (سێلۆنایێ)یه، که ولیام له‌ین یه‌که‌م که‌سه ناوی ئه‌م شاره‌ی به شاری سلێمانییه‌وه په‌یوه‌ستکردووه‌ته‌وه، و کتێبه‌که‌ی له ساڵی ١٩٢٣ز. چاپکردووه (Lane, 1923, p.79). وا ده‌رده‌که‌وێت بۆ ئه‌و کات ئه‌و کتێبه تازه‌بووبێت، و دوای چه‌ند ساڵێک ئه‌مین زه‌کی به‌گ ئاماژه‌ی به‌م کتێبه و ئه‌و بۆچوونه داوه، له‌به‌رئه‌وه، ئێمه به پێویستمان زانی له سه‌ره‌تادا بزانین که مێژوونووسی ڕۆمانی ڕوفوس چی ده‌ڵێت له‌باره‌ی شوێنی شاری سێلۆنایێ، و هه‌ڵکه‌وته‌ی جوگرافیی شاره‌که. ئه‌وه‌بوو گه‌ڕاینه‌وه سه‌ر کتێبه‌که‌ی مێژوونووسی ڕۆمانی ڕوفوس به ناونیشانی (*Histories of Alexander the Great*) که به لاتینی نووسیویه‌تی، بینیمان مێژوونووسی ڕۆمانی ڕوفوس ئاماژه به تێپه‌ڕینی ئه‌سکه‌نده‌ر به شاری ئه‌ربێلا، و شاری مێممیوم و شاری بابلدا ده‌کات، له به‌شی چواره‌می به‌رگی ده‌یه‌می کتێبه‌که‌یدا ڕوفوس ده‌نووسێت:

*"پاشا (ئه‌سکه‌نده‌ر) به شێوه‌یه‌کی به‌رده‌وام سه‌ردانی چه‌ند شارێکی له هه‌رێمه‌کانی ناوه‌ڕاست کرد. له شاری سوسه‌وه که‌وته جوڵه و له ڕووباری دیجله په‌ڕییه‌وه، به سه‌رکه‌وتوویی له شاره‌کانی سیتتاکێ، کارڕهایێ، سامبانا و سێلۆنایێ خێوه‌تگه‌ی هه‌ڵدا و مایه‌وه ( Curtius, 1946, p.464)".*

ئه‌م ده‌قه ئه‌وه‌مان پێده‌ڵێت، دوای ئه‌وه‌ی ئه‌سکه‌نده‌ر بابلی گرتووه، ڕووی کردووه‌ته سوسه، چونکه شاری سوسه کۆنه پایته‌ختی ئاینیی عیلامییه‌کان بوو، و یه‌کێک بوو له پایته‌خته زستانییه‌کانی ئیمپڕاتۆرییه‌تی

هاخامەنشی (الهاشمي و الأحمد، ١٩٨٦، ص١٠٠). و بەپێی مێژوونووسی ڕۆمانی ڕوفوس ئەسکەندەر لە سوسەوە بەرەو باکووری خۆرئاوا گەڕاوەتەوە، و ڕووی کردووەتە چەند شارێک و خێوەتگەی هەڵداوە و ماوەتەوە، یەکێک لەو شارانە شاری سیتتاکێیە لە خۆرهەڵاتی ڕووباری دیجلە، کە حەفتا ساڵێک پێش ئەسکەندەر، زەینەفۆنیش باسیکردووە، لەگەڵ دە هەزار سەربازە یۆنانییەکە لە کاتی کشانەوەیان لە بابل بەرەو کاردۆخیا، سەرەتا ڕوویان کردە خۆرهەڵاتی دیجلە و بە شاری سیتتاکێدا تێپەڕیون کە دەکەوتە ناوچەیەک لە نزیک ڕووباری دیجلە لە خۆرهەڵاتی بەغداد، باوەڕوایە لە نزیک ئەم شوێنە دواتر یۆنانییەکان شاری سلوکیەی پایتەختی دەوڵەتەکەیان دروستکردبێت (Lee, 2007, p.21؛ زینفون، ١٩٨٥، ص ١١٠).

هەروەها ڕوفوس دەڵێت "*ئەسکەندەر چوو بۆ سێلۆنایّ (Celonae)، شارۆچکەیەکە نەوەکانی بۆیۆتییەکان (Boeotians)ی لێ دەژی، بۆیۆتییەکان لە لایەن خشایەرشاوە لە وڵاتی خۆیانەوە بۆ سێلۆنایّ ڕاگوێزرابوون* (Curtius, 1946, p.464)." بۆیۆتییەکان گریکی بوون و لە خۆرئاوای ئەسینا دەژیان، کاتی خۆی خشایەرشای یەکەم (٤٨٥-٤٦٥ پ. ز.) کە کوڕی داریوشی یەکەمی هاخامەنشی بوو ئەو ناوچەیەی داگیرکرد و بەپێی ڕوفوس خەڵکی بۆیۆتیای بۆ سێلۆنایّ ڕاگواستووە و نەوەکانیان لەم شارەدا ماونەتەوە.

پاشان ئەفسەری ئینگلیزی ولیام لەین کە خوێندنەوەیەکی بۆ هەڵکەوتەی جوگرافیی ئەو شارە کۆنانە کردووە، بەڵام لە دیاریکردنی شوێنی شارەکاندا تەنها پشتی بەستووە بە لەیەکچوونی ئەو ناوە کۆنانە لەگەڵ ناوی شارە تازەکانی عێراقدا، بەبێ ئەوەی ڕەچاوی هەڵکەوتەی جوگرافیی ئەم شارانە بکات، بۆ نموونە دەڵێت شاری (کاڕڕهاییێی)[٣] دەبێت قادسیە بێت (Lane, 1923, p.79f). لێرەدا ولیام لەین لەوانەیە

مەبەستی یەکێک لە لادێکانی سنووری پارێزگای دیالە بێت کە ناوی قادسیەیە، بەڵام ئەگەر مەبەستی شاری قادسیەی خوار نەجەف بێت کە دەکەوێتە باشووری خۆرئاوای عێراق، و لە نزیک ڕووباری فوراتە نەک دیجلە ئەوە بەهەڵەداچووە، هەروەها دەڵێت شاری (سامبانا) دەبێت هەمان شاری سامەڕا بێت، پاشان دەڵێت لەبەرئەوەی ئەسکەندەر لە دوای شاری سێلۆنایێ ڕوویکردۆتە باخەکانی باگیستامێس (بێستون)[٤] و شاری ئەکباتانا لە وڵاتی میدیا، و بە چەند ناوچەیەکدا تێپەڕیوە، ولیام لەین دەڵێت کەواتە ئەسکەندەر لە دوای شاری سامبانا کە ئەو بە سامەڕای دادەنێت، ئەسکەندەر بەرەو شاری سێلۆنایێ ڕێگەیەکی گرتووەتەبەر بە ناوچەکانی "*تازە (خورماتوو) کەرکوک، دەربەندی بازیان و سلێمانی)دا هاتووە.*" ئەم بۆچوونەی لەین لەوەوە هاتووە کە خۆی ئەفسەری ئینگلیز بووە و پێش ساڵی ١٩٢٣ لە بەغداوە سەردانی سلێمانیی کردووە، ئیتر بۆ ولیام لەین هەمان ڕێگەی ئەوکاتەی بەغداد-سلێمانی هەر ئەو ڕێگەیەش بووە کە ئەسکەندەر پێیدا تێپەڕیوە، کە بێگومان بۆ ئەمە هیچ بەڵگەیەک نییە، پاشان ولیام لەین دەڵێت:

"*دەگونجێت گریمانەی ئەوە دابنێین کە شاری سێلۆنایێ، هەمان شاری سلێمانی بێت؟ ئەم پێشنیازە، پێشنیازێکی نەگونجاو نییە، چونکە مێژوونووسی ڕۆمانی ڕوفوس ئەوە پەیوەست دەکاتەوە کە دوای ئەوەی ئەسکەندەر شاری سێلۆناییی بەجێهێشتووە چووەتە باگیستامێس (بێستون)، نیشتیمانی ڕەز و باخە چێژبەخشەکان بووە، و ئەم ئاماژەیە بۆ شوێنی شاری سێلۆنایێ دەریدەخات کە شارەکە کەوتبووە سەر چیاکانی سەر سنووری میدیا (Lane, 1923, p.79)*".

لێرەشدا دەردەکەوێت، لەین تەنها پشتی بەستووە بە بەراوردکردنی ناوی شارەکانی ئەم سەردەمەی عێراق لەگەڵ ناوی ئەو شارانەی کە ئەسکەندەر پێیاندا تێپەڕیوە، بەپێی ئەو گێڕانەوە دەگمەنەی مێژوونووسی

ڕۆمانی ڕوفوس کە لە هیچ سەرچاوەیەکی تری مێژوونووسە یۆنانی و ڕۆمانییەکاندا نابیندرێت، بەڵام ئاماژەکانی ڕوفوس بەو ڕێگەیەی کە ئەسکەندەر هەڵیبژاردووە، لە سوسەوە بچێتە ئەکباتانەی کۆنە پایتەختی میدییەکان و، پایتەختی هاوینەی هاخامەنشییەکان ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە لە سوسەوە بەرەو ناوچەی مەدائین و پاشان بەرەو باشووری گەرمیان و سەرکەوتن بەرەو گەرمیان و چیاکانی قەرەداغ و پەڕینەوە لە سیروان و بەرەو خۆرهەڵات، و بەرێکەوتن بۆ ناوچەی زەهاو و بێستون و ئەکباتانای پایتەختی میدیا لە هەمەدان، ئەم ڕێگەیە بە سلێمانیدا تێنەپەڕیوە.

## ٢.٢. شاری سێلۆنایێ و پەیوەندی بە شاخی (سیلونا)ی وڵاتی نامری لە نووسینە مێخییەکاندا

بۆ ئەوەی توێژینەوەکەمان بوارێکی فراوانتر و لێکۆڵینەوەیەکی وردتر بێت، دەستم کرد بە گەڕان بە ناوەڕۆکی گشت دەقە مێخییە شاهانەکانی پاشایانی میسۆپۆتامیا کە باس لە داگیرکردنی ناوچەکانی کوردستان و زاگرۆس دەکەن بۆ ئەوەی بزانین چ ناوێک لە ناوی سێلۆنایێ/سیلونا نزیکە، خۆشبەختانە گەڕان و لێکۆڵینەوەکەمان ئەنجامی هەبوو، ئەوەبوو بۆم دەرکەوت کە تەنها یەکجار ناوێکی هاوشێوەی ناوی شاری سێلۆنایێ بە شێوەی (سیلونا) لە نووسینە مێخییەکاندا هاتووە، ئەویش لە تۆمارێکی پاشای دەوڵەتی ئاشووری نوێ، ئەدەد-نەراری سێیەم (٨١٠-٧٨٣ پ. ز.)دا، ئەم تۆمارە لەسەر یەکێک لە بەردە نەخشێندراوەکانی کۆشکەکەی لە شاری کەلخو (نەمرود) لە باشووری خۆرهەڵاتی موسڵ دۆزرایەوە، لە سەرەتای نووسراوەکەیدا، ئەدەد-نەراری دەڵێت:

*کۆشکی ئەدەد-نەراری (سێیەم)، پاشای مەزن، پاشای بەهێز، پاشای هەموو جیهان... داگیرکەری (ئەو ناوچانەی) لە شاخی سیلونا لە*

*خۆرهەڵات (لەو شاخەی خۆری لێ هەڵدێت)، وڵاتانی نامری، ئێلیپی، خارخار، ئارازیاش، مێسو، مادا(میدیا)...*" (Grayson, 1996 RIMA III, Adad-nārāri III A.0.104.8).

لێرەدا دەبینین کە ناوی سیلونا بە شێوەی (کوڕ سیلونا KUR Si-lu-na) واتە (شاخی سیلونا) ئەو شوێنەی خۆری لێهەڵدێت ناوی هاتووە. کەواتە وەک دەردەکەوێت، سیلونا، ناوی شاخە، نەک شار، هەرچەندە دەشکرێ هێمای (کوڕ) واتای وڵاتی شاخاویش بدات، بەڵام لەبەرئەوەی لێرەدا باسی خۆرهەڵاتن دەکات هەردوو پسپۆڕی بواری نووسینە مێخییەکان و زمانە کۆنەکان گرەیسن و لەکەنبڵ بە شێوەی (شاخی سیلونا) وەرگێڕانیان بۆ کردووە (Luckenbill, 1926, p.262). بەم شێوەیە دەبینین، لە سەدەی هەشتەمی پ. ز. شارێک نەبووە بە ناوی سیلونا، بەڵام لەبەرئەوەی ئەدەد-نەراری پێش وڵاتی نامری ئاماژەی بە شاخی سیلونا کردووە، لەبارەی ئەو پرسیارەی کە ئایا ئەم (شاخی سیلونا)یە دەبێت کام شاخە بێت؟ بێگومان ناوەڕۆکی دەقەکە پێمان دەڵێت کە کەوتووەتە ناوچەیەکەوە لە نێوان ناوچەکانی خۆرهەڵاتی زێی بچووک بەرەو ناوچەکانی ڕووباری سیروان، چونکە ڕاستەوخۆ لە دوای ناوی شاخی سیلونا، ناوی وڵاتی نامری دێت، وڵاتی نامری دەکەوتە ناوچەکانی سەنگاو و زنجیرە چیاکانی قەرەداغ بەرەو خۆرهەڵات بۆ چیای بەمۆ (مارف، ٢٠١٨، ل١٥٤; Reade, (1978), pp.137-143;). بەم شێوەیە ئەگەر ئەو چیایە لەو ئاراستەیەدا بووبێت، ئەوا لەوانەیە ناوی یەکێک لە لوتکەکانی قەرەداغ بووبێت، چونکە هەر نیو سەدە پێش ئەدەد-نەراری، پاشای ئاشووری شالمانیسەری سێیەم (٨٥٩-٨٢٤ پ. ز.) لە لەشکرکێشییەکەیدا بەرەو نامری باسی لە پەڕینەوە لە زێی بچووک کردووە، و بە چیای خاشمار/خاشیمور(*Ḫašimur*)[٥] دا پەلاماری وڵاتی نامری داوە، شالمانیسەر دەڵێت:

*"له ڕووباری زێی بچووک پەڕیمەوە، بە چیاکانی خاشیموردا تێپەڕیم و بۆ وڵاتی نامری داگەڕام...)* *Grayson, 1996, RIMA III, Shalmaneser III A.0.102.14: 110-119)"* کەواتە شاخی خاشیمور و شاخی سلیونا لوتکەکانی (قۆپییەکان)ی قەرەداغ بوون ( وێنەی ژمارە-١-).



وێنەی ژمارە ١: زنجیرە چیاکانی قەرەداغ، (وێنەکە لە لایەن نووسەری ئەم توێژینەوەیەوە لە بەهاری ٢٠١١ گیراوە).

ئەگەر شاخی سیلونا لەو ئاراستەیە نەبووبێت، ئەوا دەبێت دووبارە ناوچەکانی خۆرهەڵاتی زێی بچووکی بۆ بگەڕێین، و ئەمجارەش لە ناوچەکانی سورداش و دۆڵی جافایەتی، بۆ ئەم مەبەستەش نزیکترین ناوی شاخ، ناوی (شاخی ژیلوان)ە، ئەویش ئەگەر ناوەکە کۆن بێت، دەبێت شاخەکە لە زمانی لوللوبی و خوررییەکانی کەناری ڕووباری زێی بچووکدا خەڵکی ئەو ناوچەیە لەو کاتەدا پێیان وتبێت شاخی (ژیلونا)، بەڵام ئاشوورییەکان بە شێوەی (سیلونا) تۆماریان کردبێت، بێگومان ئەمەش تەنها وەک ئەگەرێکی لاواز دەبێت، و لە ئێستادا لەبەرئەوەی تەنها یەکجار ئەم ناوە لە تۆمارەکاندا دۆزراوەتەوە، ناتواندرێت لێکدانەوەی تەواوی بۆ بکرێت، تەنها ئەوەی کە دەتوانین لەسەری یەکلاببینەوە ناوی

شاخی (سیلونا)ی نووسینە مێخییەکانی سەدەی هەشتەمی پ. ز. و شاری (سیڵۆنایێ)ی سەردەمی ئەسکەندەری مەکدۆنی (ساڵی ٣٣١پ. ز.) کە لە کتێبەکەی مێژوونووسی ڕۆمانی ڕوفوس لە سەدەی یەکەمی زاینیدا تۆمارکراوە، دەکرێت ئەم دوو ناوە تۆمارکراوە ئاماژەبێت بۆ شار و شاخێک بەهەمان ناو لە ناوچەی سەنگاو و گەرمیان، لە بناری خۆرئاوای زنجیرەچیاکانی قەرەداغ یان لەسەر چیاکانی قەرەداغ.

ئەم لێکدانەوەیەش هەم دەقە مێخییەکەی لەشکرکێشییەکەی ئەدەد-نەراری سێیەم پشتگیری دەکات، کە دوای ناوهێنانی شاخی سیلونا ڕاستەوخۆ ناوی وڵاتی نامری(ناوچەی سەنگاو-قەرەداغ -بەمۆ) دەهێنێت، و لەوێوە ناوی ئەو وڵات و شارانە دەهێنێت کە بەرەو وڵاتی میدیا دەڕوات و دەکەونە ئەو نێوەندەوە، واتە هەمان ئەو ڕێگەیەی کە ئەسکەندەر گرتوویەتییەبەر لە گەرمیانەوە بەرەو بێستون و ئەکباتانا و وڵاتی میدیا. ئەمەش هەمان ئەو ڕێگە مێژووییەیە کە لەشکرکێشییەکانی پاشایانی ئاشوری شالمانیسەری سێیەم(٨٥٩-٨٢٤پ.ز.)، و سەنحاریب(٧٠٥-٦٨١پ.ز.) گرتبوویانەبەر بۆ هێرشکردنە سەر وڵاتی نامری نیشتیمانی کاشییەکان لە ناوچەی سەنگاو-قەرەداغ-بەمۆ و لەوێوە بۆ وڵاتی میدیا( Grayson, 2012, RINAP III/I: 22.i.65-71, p.173; مارف، (٢٠١٨)، ل. ١٥٤-١٥٥). بێگومان ئەم ڕێگەیەش لەلایەن زەینەفۆنەوە ئاماژەی پێدراوە، زەینەفۆن دوای ئەوەی لەگەڵ ١٠ هەزار سەربازە یۆنانییەکە کشانەوە و پێش ئەوەی بەرەو چیاکانی کاردۆخیا لە باکوری مێسبیڵا(موسڵ)دا لە ڕۆخی دیجلە چەند دیلێکی سوپای هاخامەنشی پێیان وتن: "*ڕێگەی خۆرهەڵات بەرەو سوسە و کباتێنا(ئەکباتانا)یە*"( زێنۆفۆن، ٢٠٠٦، ل.١٢١).

هەروەها گەڕیدەی دانیمارکی نیبوەر لە سەدەی ١٨ زاینیدا کاتێک گەیشتە هەولێر، لەوێ پیاوماقوڵ و بازرگانەکان پێیان وت لە هەولێرەوە

دەتوانیت لەگەڵ کاروانچییەکان بچیت بۆ بێستون بۆ بینینی شوێنەوار و نووسینەکان کۆنەکانی بێستون(نیبور، ٢٠١٢، ص٣١٨). لە ئێستادا بەتەواوی دڵنیابوین، کە ناوی شاری سلێمانی هیچ پەیوەندییەکی بە ناوی شاری (سێلۆنایێ) و شاخی (سیلونا)وە نییە، و هەروەها ناوی شاری سلێمانی و شوێنەواری سێلۆنایێ پەیوەندییان بە شوێن و ناوی شاری سلێمانییەوە نییە، و دەبێت شوێنەواری شاری سیلۆنایێ کەوتبێتە ناوچەکانی سەنگاو-قەرەداغ-بەمۆ، لەسەر ڕێگەی بازرگانی وڵاتی میدیا و ئەکباتانای پایتەختی میدییەکان.

## ٣. ئایا شاری سلێمانی لەسەر شاری ئارراکدی پایتەختی وڵاتی زاموا ئاوا کراوە؟


کارین ڕادنەر کە پسپۆڕێکی نەمسایی بواری خەتی مێخییە، و لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا بەشداربووە لە چەند کارێکی کنەوپشکنین و توێژینەوەی شوێنەواری لە سلێمانی و دەوروبەری، دوای ئەوەی بەڕێوەبەرایەتیی شوێنەواری سلێمانی لە دێی سیتەک لە توانی هەڵکۆڵینێکی شوێنەواری ڕزگارکردن لە گردێکی شوێنەواریدا ئەنجام بدات، تابلێتێکی مێخییان دۆزییەوە (Saber, et al., 2015: 205-229). تابلێتەکە باس لە فرۆشتنی زەوی ڕەز و باخێک دەکات، لە ناو ئەو شایەت و کەسانەی تێیدایە، نووسراوە کوڕێکی شاری ئارراکدی، کارین ڕادنەر لە لێکدانەوەیدا بۆ ناوەڕۆکی دەقەکە، پێیوایە کە شاری ئارراکدی دەبێت سەنتەری وڵاتی مازاموا بووبێت، و دەبێت ئەم شارە کەوتبێتە ژێر سەرای سلێمانیی ئێستا، چونکە بەپێی کارین رادنەر کاتێک کە میستەر ریچ سەردانی کۆشکی میرانی بابانی کردووە لە سلێمانی، میرانی بابان بە ڕیچ یان گوتووە کە لە نزیک دێی مەڵکەندی کۆن گردێکی شوێنەواری لێ بووە لەو شوێنە کۆشکەکەیان دروستکردووە، هەر لەوێ نووسینێکیش دۆزراوەتەوە کە ئەوکاتە کەس بۆی نەخوێندراوەتەوە و فڕێیان

داوە(Radner 2017: 428f). بەڵام ئەم بۆچوونەی کارین رادنەر کە پێشنیازی ئەوە دەکات دەبێت شاری ئارراکدی کەوتبێتە گردەکەی مەڵکەندی (ژێر سەرای ئێستا)، بۆچوونێکی گونجاو نییە، و نووسینە مێخییەکان پشتگیری ناکەن، بە هەمان شێوە لەوەوپێش سپایزەر بە هەڵە ئارراکدی بە گردی بنگردی خوار بەکرەجۆ لەسەر ڕووباری تانجەڕۆ داناوە (Speiser, 1928, p.25-26). ئەم دوو بۆچوونەش دروستنین، چونکە کاتێک پاشای ئاشووری، ئاشوورناسرپاڵی دووەم باس لە سەختیی ڕێگاکە بۆ ئارراکدی دەکات، و دەڵێت سوپاکەی بە تەور و پاچ ڕێگەکەیان بڕیوە و ڕێکیانخستووە، بۆ ئەوەی ئەسپ و گالیسکەکان پێیدا بڕۆن، ئاشوورناسرپاڵ بەم شێوەیە باسی ڕێگەی ئارراکدی دەکات:

*"لە شاری زامروەوە ڕۆیشتم بۆ شاخی لارا، شاخێکی سەخت بوو کە بۆ ئەسپ و عارەبانە و سوپا ناگونجێن، ڕێگاکەم بە تەوری ئاسن (و) [بەردەکانم] بە پیکی مسین وردوخاشکرد. (بەوشێوەیە) توانیم بە ئەسپ و گالیسکەکەم (و) سوپاکەمەوە بەرەوپێشەوە بڕۆم. بەرەو شاری توکولتیی-ئاشوور-ئاسبات داگەڕام کە لوللوبییەکان بەم شارە دەڵێن ئارراکدو."* (Grayson, 1991, RIMA II: A.0. 101.1: ii 76b-77b.; A.0.101.1. 39-43).

ئەمەش واتای ئەوە دەدات کە شاری ئارراکدی لە جێگەیەکی سەخت بووبێت لە بناری شاخێکی سەخت، بەڵام شوێنی سلێمانی لە دەشتێکی پان و بەریندایە، و لە هەموو ئاراستەکانەوە گەیشتن پێی ئاسانە، دەربەندەکانی دەوروبەریشی هێندە سەخت نین، لەوانەیە ئارراکدی لە دیوی شارباژێڕ بووبێت و هەروەک ناوی لە دەقە مێخییەکەی سیتەکدا هاتووە، ئەمە جگە لەوەی ناوی شاخی (لارا) لە دەقەکەدا هاتووە، ئێستا لە شارباژێڕ لە نێوان شاخی گۆیژە و شاخی کوڕە کاژاودا شاخێک بە ناوی شاخی لەرێ هەیە (القرداغي، ٢٠٠٨، ص١٢، ١١٧). لەوانەیە ناوەکەی کۆن

بێت و ناوێکی لوللوبی بووبێت، و هەمان شاخی لارای ولاتی زاموا بووبێت، کە شاری ئارراکدی دەکەوتە بناری ئەم شاخەوە، ئەگەر ئەم بۆچوونەی ئێمەش گونجاوبێت، ئەوا دەبێت شوێنەواری شاری ئارراکدی بکەوێتە بناری خۆرهەلاتی لەرێ لە نێوان سیتەک و بەرزنجە، بێگومان تەنها هەلکۆلینە شوێنەوارییەکان و دۆزینەوەی دەقی مێخی لە ناوچەکە دەتوانێت شوێنەواری ڕاستەقینەی ئەم شارە دەربخات (نەخشەی ژمارە ١).




**نەخشەی ١: هەڵکەوتەی بەشێک لەو شار و ناوچانەی کە لەم توێژینەوەیەدا باسکراون. (ئامادەکردنی توێژەر)**

**٤. وڵوبە، ناوێکی کۆنی لادێیەکی پێش سلێمانی و گەڕەکێکی ئەمڕۆی شارەکە و پەیوەندیی ناوەکەی بە ناوی شاری (لاگالاگا)ی لوللوبییەکانەوە**

لە باشووری خۆرهەلاتی سلێمانی، بە قەدپاڵی گردێکەوە، لادێیەک هەبوو پێی ئەوترا وڵوبە، ئێستا ئەو لادێیە بووە بە گەڕەکێک لە شاری سلێمانی، ئەمین زەکی بەگ دەڵێت: "*سپایزەر دەڵێت ناوی دێی وڵوبەی*

*نزیک سلێمانی زۆر گرنگە، و ناوێکی مێژووییە بۆ میللەتی کورد*" (زکی، ١٩٥١، ص٢٣). هەرچەندە دوای ئەوەی گەڕاینەوە سەر کتێبەکەی سپایزەر (" Southern Kurdistan in the Annals of Ashurnasirpal and Today) بۆمان ڕوونبووەوە سپایزەر وا ناڵێت، بەڵکو سپایزەر دەڵێت:

*"ئولوبولاغ (وڵوبە)ی ئەمڕۆ بە تەواوەتی دەکەوێتە ئەو شوێنەی کە ئەو ڕێگەی هاتووچۆیەی کە ئێمە پێمان وایە دەگاتە شوێنی (شاری) لاگالاگا" (Speiser, 1928, p.17 ).*

بەم شێوەیە دەبینین سپایزەر بەراوردی دێی وڵوبە (کە ئەو بە شێوە تورکییەکەی بە شێوەی ئولوبولاغ تۆماریکردووە) دەکات لەگەڵ شاری لاگالاگای لوللوبییەکان لە وڵاتی زاموا. ئەمین زەکی خۆی ئاگاداری ناوەڕۆکی دەقە مێخییە ئاشوورییە بڵاوکراوەکان بووە لە کتێبەکاندا، و دەنووسێت کە ناوی ئوڵڵوبا لە تۆمارەکانی تێگلات-پیلێزەری سێیەمدا باسکراوە، ئەو دەنووسێت کە ناوچەیەک بووە لە نزیک بەدلیس لە باکووری کوردستان (زکی، ١٩٥١، ص٢٣). بەڵام دۆزینەوە شوێنەوارییەکانی دوای دەرچوونی کتێبەکەی ئەمین زەکی ئەوەیان سەلماند کە وڵاتی ئوڵڵوبا دەکەوتە خۆرهەڵاتی زاخۆ و باکووری دهۆک، و لەو ناوچەیە نەخشێکی پاشای ئاشووری تێگلات-پیلێزەری سێیەم دۆزرایەوە کە لە ڕووی شاخەکە هەڵیکەندووە و وێنەی خۆی لەسەر هەڵکەندووە و نووسینی مێخی لەسەر نووسیوە و باس لە هێرشەکەی بۆ سەر ئوڵڵوبا دەکات (Postgate,(1973), pp: 47-60).

لەبەرئەوە ناوی دێی وڵوبە کە ئێستە گەڕەکێکە لە باشووری خۆرهەڵاتی سلێمانی، لەوەدەچێت ناوێکی کۆن بێت، و عوسمانییەکان گۆڕانکارییان بەسەردا هێنابێت، بەڵام پەیوەندی بە ناوی شاری لاگالاگی لوللوبییەکانی وڵاتی زامواوە نییە، لەبەرئەوەی تا ئێستا ئەوەندەی

ئاگاداربم هیچ هەڵکۆڵین و گەڕانێک لەو ناوچەیەدا نەکراوە، نازاندرێت کە شوێنەواری ئاوەدانیی کۆن لە وڵوبە هەبووبێت یان نا.

## ٥. شاری داگارای وڵاتی زاموا و پەیوەندی بە لادێی داراغا و گەڕەکی دارۆغای خۆرهەڵاتی سلێمانییەوە

عەبدولڕەقیب یوسف لە توێژینەوەکەیدا بە ناوی "*سلێمانی لەسەر شارێکی کۆن ئاوا کراوە،*" ئاماژەدەکات بەو شارانەی کە لە لەشکرکێشییەکەی ئاشورناسرپاڵی دووەم (٨٨٣-٨٥٩پ. ز.)دا بۆ سەر وڵاتی زاموا ناویان هاتووە، عەبدولڕەقیب یوسف هەوڵ دەدات یەکێک لەو شارانە لە ناوی گەڕەک و شوێنەکانی ناو سلێمانی نزیکبکاتەوە و دەنووسێت: "*(دغارا)یش لەو شارانەیە و لە (دارۆغا)وە نزیکە کە گەڕەکێکی ئێستای شاری سلێمانییە و لە سەرووی مەڵکەندییە و، پێشتر کارێزێک بووە بە ناوی (کارێزی دارۆغا)وە*"( یوسف، ٢٠٠٠، ل٣٩). هەروەها عەبدولڕەقیب دەڵێت لە باشووری خۆرئاوای دێی (قرگە)وە دێیەک هەبووە پێی وتراوە (داراغا) کە دواتر بووەتە گەڕەکی دارۆغا، هەروەها سەرنجمان بۆ ئەوە ڕادەکێشێت کە ناوی (دارۆغە) لە میرنشینی باباندا بۆ ئەفسەری پۆلیس بەکارهێندراوە (هەمان سەرچاوە. ل٣٩). دەبێت ئەوە ڕاستبکەینەوە کە ناوی شارەکەی وڵاتی زاموا بەم شێوەیە (داگارا) تۆمارکراوە، نەک بە شێوەی (دغارا)، و هیچ پەیوەندی بە ناو و شوێنی گەڕەکی دارۆغاوە نییە، و هەروەک عەبدولڕەقیب یوسف خۆشی ئاماژەی پێداوە لە دارۆغا هیچ گردێکی شوێنەواری لێ نەبووە (یوسف، ٢٠٠٠، ل.٣٩).

## ٦. دەباشان، دێی دوباشان(دوپاشان) لە بناری گۆیژە

لە تۆماری شارەوانیی سلێمانی و دابەشکردنی ناوچەکانی شاردا، تا ئەم ساڵانەی ڕابردووش، سنووری هەموو گەڕەکەکانی خۆرهەڵاتی

سلێمانی پێی دەوترا مەڵکەندی-دەباشان، واتە سنووری نێوان ئەو دوو لادێ کۆنەی کە پێش ئاواکردنی سلێمانی هەبوون، کە ئەوانیش دێی مەڵکەندی و دێی دوباشان بوون، لەبارەی ناوی دوباشان، عەبدولڕەقیب دەڵێت "*ناوەکەی نامۆ، و نەناسراوە بەڵکو پتریش کۆنە، ئەم دێیە لە زووەوە وێران بووە و کەس بیری نایە ئاوەدان بووبێ و دوو سێ کارێزی ئاوی لێیە*"(هەمان سەرچاوە. ل.٣٩). لە ئێستادا ناتوانین بزانین ئایا ناوی دەباشان (دوباشان) پەیوەندی بە چ ناوێکی کۆنەوە هەیە، و لە چ تۆمارێکدا ناوی تۆمارکراوە، هیوادارین لە داهاتوودا وردەکاریی زیاتر بکەوێتە بەردەست.

## ٧. بەڵگە شوێنەوارییە دۆزراوەکان لەژێر شاری سلێمانی

### ١.٧. دۆزینەوە شوێنەوارییەکان لە ناوجەرگەی شار

نووسەری بواری شوێنەوار و کەلەپووری کوردستان، عەبدولڕەقیب یوسف ساڵی ٢٠٠٠ لە گۆڤاری هەزارمێرد توێژینەوەیەکی بڵاوکردەوە بە ناونیشانی (*سلێمانی لەسەر شارێکی کۆن ئاواکراوە*)، لەو باسەدا کە تێبینی چەندان ساڵەی کاری خۆی لە بەدواداچوونی پاراستنی شوێنەوار و کەلەپووری ناوجەرگەی سلێمانی (نێوان سەرا و مزگەوتی گەورە) و چاوپێکەوتنی چەند کەسایەتی و شایەتحاڵێکی هەڵکۆڵینی بناغەی تەلارەکانی ناوبازاڕی شاری سلێمانی تۆمارکردوون و لەو توێژینەوەیەدا ڕێکیخستوون، عەبدولڕەقیب یوسف دەنووسێت "*ناوەندی شاری سلێمانیی ئێستا کە سەرا و گردی قشڵە و دەوروبەریانە، شارێکی دێرینی هی زۆر پێش ئیسلامی لێ هەبووە* (یوسف، ٢٠٠٠، ل١٦). لە شوێنێکی تری توێژینەوەکەیدا باس لە دۆزینەوەی کوپەیەکی گەورەی گڵێنەیی دەکات کە لە ساڵی ١٩٨٢ لە کاتی بناغەلێدان بۆ دروستکردنی سینەما ڕەشید لە قوڵیی چوار مەتردا دۆرزراوەتەوە، لەناو گۆزەکەدا چەند کەللە سەرێکی مرۆڤی تێدابووە کە بە جیا لە لاشەکانیان لە ناو ئەو کوپەیەدا نێژراون

(یوسف، ٢٠٠٠، ل١٦). ئەم جۆرە کوپانە پێیان دەوترێ کوپە خەسرەوی و زۆربەیان بۆ سەردەمی ساسانی دەگەڕێنەوە. هەروەها لە چاوپێکەوتنی کەسانی بەتەمەن و وەستای بەننا کۆنەکانی شاردا باسی دەرکەوتنی گۆڕە گۆزەی گەورە و بچووک کە ئێسکی مرۆڤی کامڵ و منداڵیان تێدابووە لە شوێنی بازاڕ و گەراجی سیروان و لە کاتی دروستکردنی جادەی مەولەوی لە ١٩٣٧ز. دەرکەوتوون و تونێلێک دەرکەوتووە کە لە شوێنی جادەی مەولەوییەوە درێژبۆتەوە بۆ قشڵە (گردەکەی شوێنی بازاڕی دەبۆکە) (هەمان سەرچاوە، ل١٨).

## ٢.٧. دۆزینەوەی شوێنەواری ئاوەدانییەکی شەش هەزار ساڵە لەبەردەم مزگەوتی گەورە

عەبدولڕەقیب یوسف باس لە دروستکردنی تەلاری پەروەردەی سلێمانی لە ساڵی ١٩٥٦ز. دەکات، و دەڵێت لە کاتی دروستکردنی ئەم تەلارەدا لە بەرانبەر مزگەوتی گەورە (شوێنی کاسۆمۆڵ) گۆزە و پاشماوەی خۆڵی شوێنەواری دۆزراوەتەوە. و لە گردی قشڵە خەڵک گۆزەی نەخشێندراویان دەدۆزییەوە و لە ماڵەوە بۆ جوانی لەسەر تاقەکان دایان دەنا. بە هەمان شێوە لە جادەی کاوە کە دەکەوێتە نێوان سەرای سلێمانی و مزگەوتی خانەقا، لە چەند شوێنی هەڵکۆڵدراوی ئەو جادەیە پاشماوەی گۆزە و چینە خۆڵی کۆنی تۆمارکردووە (یوسف، ٢٠٠٠، ل.٣٠، ٣٧).

لە ساڵی ٢٠٠٥دا، کاتێک ئەو تەلارەی کە لە ساڵی ١٩٥٦ز. بۆ پەروەدەی سلێمانی دروستکرابوو و دواتریش هەتا ساڵی ٢٠٠٥ بۆ فەرمانگەی ڕەگەزنامەی سلێمانی بەکاردەهێندرا، ئەم بینا فەرمییە فرۆشراوەتە کەرتی تایبەت و ئەوانیش بەبێ گەڕانەوە بۆ شوێنەواری سلێمانی، کەوتنە تێکدانی تەلارەکە و هەڵکەندنی چاڵێکی زۆر قوڵ بە پانایی سەدان مەتر، ئەوەبوو کۆنترین ئاوەدانی لەژێر سلێمانیدا بە شۆڤڵ

ڕامالدرا، توێژەری ئەم توێژینەوەیە وەک شایەتحالێک ئاگاداری ئەو ڕۆژانە بووم، لەبەرئەوە کاتێک لەگەڵ هاوڕێیانی شوێنەواری سلێمانیدا چووینە شوێنەکە بەشێکی زۆر کەم لەم ئاوەدانییە مابووەوە، خۆشبەختانە تواندرا چەند پارچە شوێنەوارێک ڕزگاربکرێت، کە پێکهاتبوون لە دوو مۆر و بۆ هەزارەی چوارەمی پ. ز. دەگەڕانەوە و ئێستا لە مۆزەخانەی سلێمانی پارێزراون، واتە زیاتر لە ٣٠٠٠پ. ز.، ئەمە جگە لەوەی یەکێک لەو پارچە گۆزە نەخشێندراوانەی کە لەوێ بەدیمکرد و هەڵمانگرتەوە پارچەیەک گۆزە بوو کە نەخشی ئەندازەیی سادەی لەسەر ڕەنگکرابوو و بۆ سەردەمی شارستانیەتی عوبەید (٤٥٠٠-٣٥٠٠پ. ز.) دەگەڕێتەوە، ئەوەی زۆر جێگەی سەرنجە دۆزینەوەی چەند کەللەسەری ئاژەڵێک بوون، وەک سەری گامێش، شاخی گامێشەکان بە شێوەیەکی زۆر ڕێک بڕدرابوونەوە (وێنەی ژمارە٢ أ-ب).

ئەم قۆچ و شاخانە ئەگەر بۆ بەکارهێنان بڕدرابنەوە ئەوە بۆ دەسکی چەقۆ یان خەنجەر بەکارهێندراون، بەڵام ئەگەر مەبەست لەم کەللە سەرانە لایەنی ئاینی بووبێت، ئەوا لە پەرستگەی چەتەڵ هۆیوک لە چاخی بەردینی نوێ لە ناوەڕاستی ئەنادۆڵ لە نزیک ئەنقەرە، لەناو پەرستگەکاندا کەللە سەری گامێش هەڵدەواسرا، بەڵام ئەو کەللە سەرانەی چەتەڵ هۆیوک شاخی گامێشەکانی نەبڕدرابوونەوە (Richard, 1971). ئەوەی لێرەدا گرنگە باس بکرێت ئەوەیە کە شوێنی کاسۆمۆڵ موڵکی حکومەت بوو و کەرتی تایبەت وێرانی کرد و ئەو بەڵگە شوێنەوارییە گرنگەی مێژووی کۆنی سلێمانی فەوتێندرا، بەڵام لە لایەکی تریشەوە ڕزگارکردنی ئەو چەند پارچە شوێنەوارە بەڵگەیەکی گرنگ بوو بۆ زانینی مێژووی ژیان لە ناوجەرگەی شاری سلێمانی، ئەم بەڵگانەش ئەو پێشبینییەی عەبدولڕەقیب یوسف یان بەڕاست سوڕاند کە پێنج ساڵ پێش ئەم دۆزینەوەیە مەزەندەی مێژووی ئەو شوێنەوارەی بە پێنج بۆ حەوت هەزار ساڵ لەمەوبەر کردبوو.





وێنەی ژمارە ٢ أ-ب. دیمەنێک لە کاتی هەڵکۆڵینی شوێنەواری لە گردی قشڵە (دەبۆکە) و دۆزینەوەی کەللە سەری ئاژەڵ کە شاخەکانی بڕدراوەتەوە، ئەم شوێنە ئێستا کراوە بە بازاڕی کاسۆ مۆڵ. (ئەم فۆتۆیانە لە لایەن نووسەری ئەم توێژینەوەیەوە لە هاوینی ساڵی ٢٠٠٥ گیراون).

### ٣.٧. دۆزینەوەی شارێکی لوللوبییەکان و دەقی مێخی لە گردی کونارە

لە دۆزینەوە شوێنەوارییەکانی ناو شاری سلێمانیشدا، شوێنەواری لوللوبییەکان لە گردی کونارە لە ڕۆخی تانجەڕۆ لە سنووری بەکرەجۆ-هەزارمێرد دۆزرایەوە کە شارێکی کۆنی لوللوبییەکانە، و دەیان دەقی مێخی تیا دۆزرایەوە لەگەڵ دۆزینەوەی بناغەی تەلاری فەرمی و مۆری لولەیی و گڵێنە کە تەمەنیان بۆ سەدەی ٢٣ پ. ز. و سەدەکانی دواتر دەگەڕێتەوە (Kepinski, et al., (2015), pp. 51-88).

### ٤.٧. گردی دێ کۆن، شوێنەواری دێیەک یان کاروانسەرایەکی لوللوبییەکان

هەروەها گردی دێ کۆن لە نزیک ڕووباری قلیاسان-سەرچنار بەشی شوێنەواری زانکۆی سلێمانی گڵێنەی جۆری شاملویان دۆزییەوە، کە گڵێنەیەکی تایبەتی لوللوبییەکانە و بۆ هەزارەی دووەمی پ. ز. دەگەڕێتەوە، ئەم گردە هەڵکەوتەیەکی جوگرافیی گرنگی هەیە و دەکەوتە سەرەڕێی ئەو کاروانە بازرگانییانەی لە دەربەندی بازیان و دەربەندەکانی خۆرئاوای قەرەداغەوە بە چیای بەرانان و تاسڵوجە و ناوچەی سورداشدا دەهاتنە ناوچەکە و لەوێوە بەرەو دەربەندی ئەزمەڕ یان بەرەو دەشتی شارەزوور دەڕۆیشتن، چەندین کاروانسەرا و پۆستەخانەی ئاشوورییەکان لە وڵاتی زاموا و خاکی لوللوبییەکاندا لە دەقە مێخییەکاندا باسکراون (Marf, 2016, pp.138-139). لەوانەیە ئەم شوێنەوارە یەکێک بووبێت لەو کاروانسەرایانە، بەڵام پێویستیمان بە کاتە تا لە ساڵانی داهاتوودا بەڵگەی زیاتر لەم گردە شوێنەوارییە بدۆزینەوە.

### کۆتایی و ئەنجامەکان

لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتین بە چەند خاڵێک:

١. لەبارەی پەیوەندیی ناوی شاری سلێمانی بە شاری کۆنی (سیلونا/ سێڵۆنایێ)وە، لەم توێژینەوەیەدا بۆ یەکەمجار توانیمان بگەڕێینەوە سەر سەرچاوە ڕەسەنەکان، و ئەم چەند ئەنجامە نوێیەمان دەستکەوت. ولیام لەین زانیارییەکانی لەبارەی شاری سیلۆنا لە کتێبی مێژوونووسی ڕۆمانی ڕۆفوس بە ناونیشانی (مێژووەکانی ئەسکەندەری مەکدۆنی) وەرگرتووە، و ئەم کتێبە لە سەدەی یەکەمی پ. ز. نووسراوە. ئەو کتێبەی مێژوونووسی ڕۆمانی (ڕۆفوس)مان دەستکەوت و بۆمان دەرکەوت کە ڕۆفوس ناوی شارەکەی بە

شێوەی (کیلۆنایێ/ سێلۆنایێ) تۆمارکردووە. ناوەڕۆکی دەقی کتێبەکەی ڕۆفوس ئاماژە بەوەدەکات کە ئەسکەندەر لە دوای ئەوەی بە ئەربێلا و بابلدا چووەتە سوسە، لەوێوە بە گەرمیاندا بەرەو شاری ئەکباتانای کۆنە پایەختی میدییەکان ڕۆیشتووە، کە لەو کاتەدا پایەخی هاوینەی پاشایانی فارسی هاخامەنشی بووە، بەڵام ناوەڕۆکی دەقەکە ئەوە دەردەخات، کە شاری سێلۆنایێ دەبێت بکەوێتە ناوچەکانی بناری قەرەداغ لە سەنگاو یان لە ناوچەکانی قەرەداغ و دەربەندیخان، نەک ناوچەی سلێمانی، بەڵام ولیام لەین تەنها پێوەری لێکچوونی سێلۆنایێ و سلێمانی لێکداوەتەوە و لەوانەشە خۆی نەیزانیبێت کە ناوی سلێمانی ناوێکی کەسییە و میر و پاشاکان لەو سەردەمەدا ناویان سولەیمان بووە، بەڵام ڕیزبەندی شاری سێلۆنایێ و ئاراستەی ڕێگەکە لە گەرمیانەوە بەرەو بێستون و ئەکباتانا (هەمەدان) ئەوەمان پێ دەڵێن کە ئەسکەندەر ئەگەر بە سێلۆنایێ دا تێپەڕی بێت، ئەو شارە دەکەوتە ناوچەکانی قەرەداغ و لەوێوە بە زەهاودا بەرەو بێستون و ئەکباتانا ڕۆیشتووە.

هەوڵماندا لە نووسینە مێخییەکاندا ناوی سێلۆنایێ بدۆزینەوە، خۆشبەختانە توانیمان لە تۆماری لەشکرکێشییەکەی ئەدەد-نەراری سێیەمدا ناوی شاخی (سیلونا) بەدیبکەین، ئەم شاخە پێی وتراوە ئەو شاخەی کە خۆری لێوە هەڵدێت، شاخی (سیلونا)ی نووسینە مێخییەکانی سەدەی نۆیەمی پ. ز. و شاری (سێلۆنایێ)ی نووسینە ڕۆمانییەکەی سەدەی چوارەمی پ. ز. و یەکەمی زاینی هەردووکیان دەکەوتنە هەمان ناوچەوە کە سەرە ڕێگە بوو بۆ وڵاتی میدیا لە خۆرهەڵاتی ئەو ناوچەیە، لە زۆر ناوچەشدا ناوی شاخێک لە شارێک نراوە و شاخەکە و شارەکە هەمان ناویان هەبووە، ئەو جیاوازییە کەمەی کە لە تۆمارکردنی (سیلونا) و (سێلۆنایێ)دا هەیە، بۆ ئەوە ئەگەڕێتەوە کە یەکەمیان بە خەتی مێخی و

زمانی ئەکەدی (دیالێکتی ئاشووری) تۆمارکراوە، و ئەوەی تریان دوای هەشت سەدە بە خەتی لاتینی و زمانی ڕۆمانی (لاتینی) تۆمارکراوە.

٢. شاری ئارراکدی پایتەختی وڵاتی زاموای لوللوبییەکان، وەک کارین ڕادنەر پێشنیاری کردووە کە دەبێت شوێنەوارەکەی بکەوێتە گردی مەڵکەندیی کۆن (خۆرهەڵاتی گردی قشڵە و شوێنی سەرا و دەوروبەری)، بەڵام ئارراکدی دەکەوتە ناوچەی شارباژێڕ لە نێوان گۆیژە و کوڕەکاژاو، لەوێ شاخێک هەیە خەڵک ئەمڕۆ پێی دەڵێن شاخی (لەرێ)، کە لەوانەیە هەمان شاخی (لارا) بووبێت. کەواتە ئارراکدی لە شوێنی ئێستای سلێمانی نەبووە، دۆزینەوەی دەقە مێخییەکەش لە سیتەک کە ناوی ئارراکدی هێناوە، پشتگیری ئەم بۆچوونەی ئێمە دەکات.

٣. عەبدولڕەقیب یوسف، هەوڵیداوە ناوی شاری داگارای وڵاتی زاموای لوللوبییەکان بە ناوی دێی (داراغا) و گەڕەکی (دارۆغا)ی خۆرهەڵاتی سلێمانییەوە پەیوەست بکاتەوە، ئەو ناوی شاری داگارای بە شێوەی (دغارا) نووسیوە، تا شێوەکەی نزیکتربێت لە دارۆغا، بەڵام ئەم دوو ناوە هیچ پەیوەندییان بەیەکەوە نییە و شاری داگارا، دارۆغا نییە، و هیچ بەڵگەیەکی شوێنەواری لەبەردەستدا نییە، ئەگەر ناوێکی نزیک لە شاری داگارا هەبووبێت، ئەو دێی (تەگەران)ی شارباژێڕە، ئەم بۆچوونەش لەلایەن فازل قەرەداغی (١٩٩٨)یەوە خرایەڕوو، بەڵام پێویستیی بە بەڵگەی شوێنەواری هەیە بۆ پشتڕاستکردنەوەی.

٥. ناوی دێی وڵوبە و گەڕەکی وڵوبە، هیچ پەیوەندی بە ناوی وڵات و شاری لاگالاگای وڵاتی زاموا و شاری ئوڵلوبای نووسینە مێخییەکانی سەدەی هەشتەمی پ. ز.ەوە نییە، چونکە ئوڵلوبا دەکەوتە ناوچەکانی نێوان زاخۆ و ئامێدی لە باکووری دهۆک، لەوانەیە وڵوبە ناوێکی کۆن بێت، بەڵام پەیوەندی بە ئوڵلوبا و لاگالاگاوە نییە.

٦. بەڵگە شوێنەوارییەکان و تۆمارەکانی سەردەمی میرنشینی بابان ئەوە دەسەلمێنن کە شوێنەواری ئاوەدانییەکی گەورە لە گردێکی شوێنەواری، کە پێش دروستکردنی سلێمانی قەڵای مەحمود پاشای بابانی لێبووە، و لە بەری خۆرهەڵاتیشی دێی مەڵکەندی لێ بووە، بەڵام لەگەڵ دروستکردنی شاری سلێمانی، شوێنی دێی مەڵکەندیی کۆن کراوەتە سەرا و گۆڕەپانەکەی بەردەمی، و بەشەکەی تری گردەکە کراوەتە کۆشکی بابانەکان، ئەو شوێنە پێی وتراوە گردی دەبۆکە، و ناوجەرگەی شاری سلێمانی، لە نێوان سەرا و مزگەوتی گەورە و جادەی مەولەوی بووە.

٧. بەڵگە شوێنەوارییە دۆزراوەکان، بەتایبەت لە شوێنی پەروەدەی کۆنی سلێمانی، کە دواتر کرایە بەڕێوەبەریەتیی ڕەگەزنامە، و پاشان لە ساڵی ٢٠٠٥دا کەرتی تایبەت دەستیبەسەرداگرت و کردییە تەلار و بازاڕی (کاسۆ مۆڵ) لە بەرانبەر مزگەوتی گەورە، لە کاتی تێکدانی ئەم شوێنەدا شوێنەواری ئاوەدانییەکی تەمەن شەش هەزار ساڵە وێرانکرا، کە پاشماوەی مۆر و گڵێنە و ئێسکی تێدابوو، شوێنەوارەکانی ئەم شوێنە بۆ سەردەمی شارستانیەتی عوبەید و نەینەوای پێنجەم دەگەڕانەوە و مێژووەکەیان لە نێوان (٤٥٠٠-٣٠٠٠پ. ز.)دا بووە، و لەم توێژینەوەیەدا بۆ یەکەمجار وێنەی ئەم شوێنەوارە بڵاودەکەینەوە.

٨. ئەو بەردە نووسراوەی کە مەحمود پاشای بابان لە گردی دەبۆکە لە کاتی دروستکردنی کۆشکەکەیدا دۆزیویەتییەوە، بەداخەوە پشتگوێخراوە و فڕێ دراوە، نازاندرێت ئەو نووسینە بە چ خەت و زمانێک نووسراوە، تەنها ئەوەندە ئەزاندرێت کە ئەوکات کەس بۆی نەخوێندراوەتەوە، دەشێت بە خەتی مێخی یان بە پەهلەوی، یان گریکی و لاتینی یان ئارامی نووسرابێت، لە ئێستادا هەرچی بگوترێت هەر گریمانەیە، بەڵام ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە میرانی بابان، خەمساردبوون بەرانبەر بەو جۆرە شتانە، تەنانەت تۆمارێکی ڕوونی

بابانەکانیشمان بەدەستنەگەیشتووە کە ڕوونیبکاتەوە بۆچی ئەم شارەیان ناوناوە سلێمانی، کە تا ئێستا بۆتە مەتەڵێک و چەندین بۆچوون و لێکدانەوەی بۆ دەکرێت.

٩. دۆزینەوەی نووسینە مێخییەکانی گردی کونارە و پاشماوەی تەلار و گڵێنە و مۆری ئەو شارە لوللوبییە تەمەن چوار هەزار ساڵە لە نێوان بەکرەجۆ و هەزارمێرددا، ئەوە ڕووندەکاتەوە کە لەم دەشتەی سلێمانیدا لوللوبییەکان شاری زۆر کۆنیان هەبووە، هەروەها دۆزینەوەی گڵێنەی شاملوی لوللوبییەکان لە گردی دێ کۆن لە ڕۆخی قلیاسان-سەرچنار ئەو بەڵگەیە دەسەلمێنن کە لوللوبییەکان لە ناوچە جیاوازەکانی شاردا نشینگە و ئاوەدانی و شاری کۆنیان هەبووە.

## پەراوێزەکان

١ مێژوونووس محەمەد ئەمین زەکی بەگ یەکەم مێژوونووسی کوردە ئاماژەی بە ناوی ئەم شارە کردبێت و لە کتێبەکەی ولیام لەینەوە ناوی ئەم شارەی وەرگرتووە و ناوەکەی بە پیتی کوردی بە شێوەی (سیلونا/ سیلۆنا) تۆمارکردووە، شوێنەوارناس و پسپۆڕی زمانە کۆنەکان کۆزاد محەمەد ئەحمەد سەرنجی منی ڕاکێشا بۆ خاڵێکی گرنگ، کە ناوی ئەو شارە مادام بە پیتی C نووسراوە، و لە دوای ئەویشەوە پیتی بزوێن دێت، کەواتە لە زمانی لاتینیدا بە دەنگی (ک) دەخوێندرێتەوە نەک دەنگی (س)، کەواتە دەبێت شارەکە ناوی (کێلونا) بووبێت، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە نەک محەمەد ئەمین زەکی، بەڵکو ولیام لەینیش هەر ناوەکەی بە سیلۆنایً تۆمارکردووە و شوێنی شارەکەشیان بە شوێنی سلێمانی داناوە، و ناوەکەشیان پەیوەستکردووەتەوە بە ناوی سلێمانییەوە، ئەمە جگە لەوەی تۆمارە مێخییەکانی سەدەی هەشتەمی پ. ز. ئاماژە بە ناوی شاخی سیلونا دەکەن، لەبەرئەوە ئێمە وایدەبینین کە ناوی ئەو شارە کۆنە هەر بە دەنگی (س) دەستپێدەکات، و ناوەکە سیلۆنا بووە نەک کیلۆنا، هەرچەندە مێژوونووسی ڕۆمانی بە پیتی (C) تۆماریکردووە.

٢ نووسەری کتێبەکە نازناوی (Lane)ی هەیە، ئەم ناوە لە زمانی ئینگلیزیدا بە شێوەی لەین دەخوێندرێتەوە و بەواتای کوچە و کۆڵان دێت، بەڵام ئەمین زەکی و عەبدولڕەقیب یوسف کە لە ئەمین زەکییەوە وەریگرتووە بە شێوەی (لاین) ناوەکەیان نووسیوە، ئەمەش هەڵەیە و ڕاستییەکەی (لەین)ە.

٣ شاری کارڕهایێ (Carrhae)، جێی ئاماژەیە شارێکی تریش بە هەمان ناو هەبوو لە شوێنی شاری حەڕان لە باکووری میسۆپۆتامیا لە خۆرئاوای نوسەیبین و ڕوها، و لە سەردەمی ئەشکانی و ساسانییەکاندا چەند شەڕێک لە کارڕهاییێ (حەڕان) لە نێوان ڕۆم و ئەشکان و ڕۆم و ساسانی ڕوویانداوە، وەک شەڕی کارڕهاییێ ساڵی ٢٩٧ز. لە نێوان ساسانی و ڕۆمەکاندا (Scarre, 1995, p.123).

4 بێستون لە (باگاستان)ەوە هاتووە، کە لە زمانی میدی و فارسی کۆندا بە واتای جێگە و شوێنی خواوەندەکان (باگا/ بەگ= خواوەند، ستان=شوێنی نیشتەجێ بوون)، بۆ زانیاریی زیاتر دەڕواندرێتە، وهبی بک، 2006، ص٣٢٥.

٥ لە تۆمارە مێخییەکانی دوای ڕووخانی دەوڵەتی کاشی بە چەند شێوە و لە چەند سەردەمێکی جیاوازدا ناوی خاشمار هاتووە، سەرەتا بە شێوەی وڵاتی هۆزی بیت-خاشمار ناوی ناوچەیەک لە کۆتایی هەزارەی دووەمی پ. ز. تۆمارکراوە، بیت-خاشمار بە ناوچەکانی حەمرین یان باشووری خۆرهەڵاتی بابل داندراوە، بەڵام ئەم بۆچوونە بەهێزنییە. پاشان وڵات و چیای خاشمار (خاشیمور) لە لەشکرکێشیی پاشایانی ئاشووریدا چەند جارێک ناوی هاتووە، پسپۆڕان پێیانوایە ئەم چیایە دەکەوێتە نزیک وڵاتی زاموا لە نێوان ناوچەی سلێمانی و زەهاوی ئەمڕۆدا (Brinkman, 1968, p.156)، توێژەر پێیوایە دەبێت خاشیمور زنجیرە چیاکانی قەرەداغ بێت. خاشمار بە ناوێکی کاشی دادەندرێت و وەک ناوی پیاوان هەندێک پاشا و شازادە ئەم ناوەیان لێندراوە، ناوەکە بە واتای باڵندەی باز (شاهێن)دێت، و هەندێک جار ناوەکە بە شێوەی (خاشمار-گالشوHašmar-galšu) بە واتای بازی-کاشی تۆمارکراوە (Michalowski, (2018), p.26).

**لیستی سەرچاوەکان:**

- بابان، جەمال، ئاسۆ بابان، و ئومێد خالید، ٢٠٠٢، *سلێمانی شارە گەشاوەکەم*، سلێمانی.

- ڕەشە، ئەکرەمی ساڵح، ٢٠٠١، *شاری سلێمانی ٢٠٠ ساڵ*،بەرگی یەکەم، چاپی سێیەم، سلێمانی.

- زەینەدین، هێمن سەلاحەدین، ٢٠١٧، هێڵکاری و بیناسازی شاری سلێمانی لە سەردەمی عوسمانی (١٧٨١-١٩٢٠ز.)، (توێژینەوەیەکی شوێنەواری مەیدانییە)، ماستەرنامەیەکە پێشکەش بە کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر کراوە.

- زێنۆفۆن، ٢٠٠٦، گەشتەکەی زێنۆفۆن، وەرگێڕانی: محەمەد مەسعود محەمەد جەلیزادە، هەولێر.

- شوانی، ئاکۆ عەبدولکەریم، ٢٠٠٢، شاری سلێمانی (١٩١٨-١٩٣٢) لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی/سیاسی یە"، سلێمانی.

- مارف، دلشاد عزیز زاموا، "کرۆنۆلۆجیای مێژوو و شارستانییەتی گەرمیان لەژێر ڕۆشنایی بەڵگە شوێنەواری و تۆمارە کۆنەکاندا (چاخی بەردینی کۆن تا کۆتایی سەردەمی ساسانی)، مجلة *جامعة کرمیان*، مجلد ٥، العدد٣، ص ١٣٧-١٦٥.

- قەرەداغی، فازل، ١٩٩٨، *مێژووی گەلی لوللو*، سلێمانی.

- یوسف، عەبدولڕەقیب، (٢٠٠٠) "سلێمانی لەسەر شارێکی کۆن ئاوا کراوە،" *گۆڤاری هەزارمێرد*، ژمارە ١٤، سلێمانی، ل. ١٦-٤٩.

## سەرچاوە عەرەبییەکان

- ريج، كلوديوس جيمس، ٢٠٠٨، رحلة ريج المقيم البريطاني في العراق عام ١٨٢٠ الى بغداد –كردستان– إيران، ترجمة: بهاء الدين نوري، بيروت.

- زكي، محمد أمين، ١٩٥١، تاريخ السليمانية، ترجمه الى العربية، الملا جميل الملا أحمد الروزبياني، بغداد.

- زينفون، ١٩٨٥، حملة عشرة آلاف، ترجمة: يعقوب أفرام منصور، الموصل.

- القرداغي، رافدة عبدالله عبدالصمد، ٢٠٠٨، كردستان العراق في التأريخ القديم في ضوء المصادر المسمارية من الألف الثالث ق.م. حتى ٦١٢ق.م.، أطروحة دكتوراه مقدمة الى كلية العلوم الإنسانية، جامعة السليمانية.

- نيبور، كارستن، ٢٠١٢، رحلة نيبور الكاملة الى العراق، ترجمة: سعاد هادي العمري، و آخرون، بغداد.

- الهاشمي، رضا جواد، و الأحمد، سامي سعيد،١٩٨٦، تاريخ الشرق الأدنى القديم، إيران و الأناضول، بغداد.

- وهبي بك، توفيق،٢٠٠٦، الآثار الكاملة، اعداد: رفيق صالح، ج١، السيمانية.

## سەرچاوە بیانییەکان:


- Brinkman, J. A., 1968, *Political history of Post-Kassite Babylonia (1158-722 B. C.)* (A), Roma.

- Curtius, Quintus, 1946, Quintus Curtius, with an English translation by: John C. Rolfe, vol I-II, Book X, London.

- Grayson, A. K., 1991 Assyrian Rulers of the Early First Millennium BC 1 (1114-859 BCE) (RIMA II = The Royal Inscriptions of Mesopotamia, Assyrian Periods II/I), Toronto - Buffalo – London.

- Grayson, A. K., 1996 Assyrian Rulers of the Early First Millennium BC 2 (858-745 BCE) (The Royal Inscriptions of Mesopotamia, Assyrian Periods III), Toronto - Buffalo – London.

- Grayson, K., and Novotny, J., 2012 *The Royal Inscriptions of Sennacherib, King of Assyria* RINAP III/I = *(704-681 BC), Part 1, Royal Inscriptions of the Neo-Assyrian Period*. Winona Lake, Ind : Eisenbrauns.

- Kepinski, C., et al., 2015 “Kunara, petite ville des piedomnts du Zagros à l’âge du Bronze: Rapport préliminaire sur la première de fouilles, 2012 (Kurdistan Irakien),” *Akkadica* Jouranl, vol. 136/I, pp. 51-88.

- Lane, W. H., 1923, Babylonian Problems, London.

- Lee, John, W., 2007 A Greek army on the March: Soldiers and survival in Xenophone's Anabasis, Cambridge University Press.
- Luckenbill, D. D., 1926 Ancient Records of Assyria and Babylonia, I, Chicago.
- Marf, Dlshad, A., 2016, *Cultural Interaction between Assyria and the Northern Zagros*, PhD Dissertation, Leiden University.
- Michalowski, Piotr, (2108), "Ancient Near Eastern and European isolates,"in: Lyle Campbell (ed.), Language Isolatespp.19-58.
- 11. Postgate, J. N., (١٩٧٣), "The Inscription of Tiglath-pileser III at Mila Mergi," *Sumer Journal*, vol. 29, pp: 47-60.
- Reade, J., (1978) "Kassites and Assyrians in Iran," *Iran*, vol. XVI, pp.137-143
- Richard, H. C., 1971 Excavations in the plain of Antioch. II: The structural remains of the late phases: Chatal Hüyuk, Tell al-Judaidah, and Tell Ta'yinat, Chicago, III: University of Chicago Press.
- Scarre, Chris, 1995, *Historical Atlas of Ancient Rome, The Penguin Historical Atlas,* Great Britain.

- Speiser, E. A., 1928 “Southern Kurdistan in the Annals of Ashurnasirpal and Today,”AASOR 8: 1–41.

**Archaeology and the ancient names of the old cities under Sulaimani**

**in the light of the cuneiform & Classical records and the archaeological evidence**

**Summary**

This paper deals with the ancient settlements in the plain where the city of Sulaimani found in 1874 A.D. In his book (Babylonian Problems) Lane (1923) proposes that modern Sulaimani built on the long-lost city of Celonae that was mentioned by the Roman historian Quintus Curtius Rufus (1st century A.D.) in his book "Histories of Alexander the Great.” Also, the Kurdish historian Amin Zeki in his book (The History of Sulaimani)1951, agrees with Lane, and he suggests that the name of modern Sulaimani’s name perhaps derived from the same name of Celonae. Many other historians and archaeologists repeat the same identification.

In this paper, we investigated this identification, and we found that the city of Celonae was mentioned only once by the Roman historian Quintus Curtius Rufus (1st century A.D.) in his book "Histories of Alexander the Great,” he refers to the journey of Alexander the Great from Susa to Ekbatana, according to Rufus, on his way, Alexander camped in Celonae.

We suggest a new identification for the Celonae Town in the northern edges of Garmian district at the foot or on the top of one of the mountains of the modern Qaradagh ranges, because, Alexander took the road from Susa to the north then east crossing the city of Sittake on the Tigris near Celucia/al-Madain, then moving to other cities along the road to the direction of the north-east, camped in Celonae, then moved to the east and reached

Bagastana (Behistun) and after wards to Ecbatana, the capital of the Median Empire in (modern Hamadan).

We found also, that the Assyrian royal inscriptions refer to a mountain called Siluna, the Assyrian king Adad-Narari III (811-783 B.C.) in his campaign on Namri and Media, after crossing the Lower Zab toward the east, first he mentions the mountain Siluna, where the sun rises, then he occupied Namri and crossed the other lands in the east to reach Media, and since Namri was the land of the Kassites (in the post-Kassite period) located in the area of Sangaw-Garmian-Qaradagh-Bamo ranges, we can conclude that the mountain Siluna and the city Celonae were located in the same place somewhere in Qaradagh ranges. In the base of the above-mentioned evidence, we can reject the previous identification of Celonai with modern Sulaimani.

On the other hand, in this paper we discussed other identifications of modern Sulaimani with ancient cities and towns mentioned in the cuneiform records, for instance, Radner (2017), suggests that the Zamuan capital city of Arrakdi of the Lullubu people located under modern Sulaimani, but this is not a proper identification, because the city of Arrakdi was mentioned in the cuneiform records three times, and in all records they refer to the point that the city located beyond a roughed mountain, the Annals of Ashurnasirpal II refers that the city located at the foot of the roughed mountain Lara, and this mountain should be modern Lare mountain in the east of Shabazher district far east from modern Sulaimani. Also, the cuneiform tablet that was discovered in Sitak in Sharbazher district and that tablet also refers to Arrakdi. Also, we found that Spiser linked the village of Uluba (Ulubulagh) now it is a district in the southern east of Sulaimani, with the Lullubian City of Lagalaga, this identification only based on the similarities between the two toponyms. On the other hand, Abdulraqeeb Yusuf,

suggests that the old village of Daragha, which is now a district in the eastern part of Sulaimani derived from the Zamuan city Dagara of the Lullubies, this identification also not appropriate one, because the village and district named after the name of a nobleman called Mr. Dara Agha, and there is no archaeological ruin in this district as well.

The city of Sulaimani was built on an area where a huge archaeological Gird/Tell existed, the Babanian princes built their palace on this artificial hill and the administrative buildings to the east of it, when they dug for the foundations, they discovered coins, a stone with unknown script, and many jars, some of them big jars contained human skulls.

In 2005, when the modern building Kaso Mall constructed on the northwest of the hill, we found two seals date back to Jamdet-Naser = Nineveh V period, and Ubaid potsherds, and some bull skulls, their horns cut with a sharp instrument. This evidence indicate that the city was built on a settlement date back to the 5th-4th millennium B.C. Other archaeological discoveries in Girdi Kunara and Girdi De Kon in the western part of the city at the bank of Qiliasan and Tanjero rivers, in Kunara many cuneiform tablets discovered there, we can link these sites also with the Lullubies in the third & second millennium B.C.

**Keywords**: Sulaimani, Celonae, Siluna mountain, Arrakdi city, Lagalaga city, Deboka/Melkindi Tell.

**آثار وأسماء المدن القديمة تحت مدينة السليمانية**

**في ضوء الكتابات المسمارية و المصادر الكلاسيكية والأدلة الأثرية**


**ملخص البحث**

تتناول هذا البحث المستوطنات القديمة في السهل حيث اسست مدينة السليمانية عام ١٨٧٤م، ومن بينها مدينة سيلونا التي اقترحها لين في كتابه (المشاكل البابلية) عام ١٩٢٣ ، وأمين زكي في كتابه ( تاريخ السليمانية) ١٩٥١، باعتبارها المدينة الأقدم التي آثارها تقع تحت مدينة السليمانية الحديثة، وحتى أنهم اقترحوا أن اسم السليمانية مشتق من سيلوناي Celonae القديمة. كرر العديد من المؤرخين وعلماء الآثار نفس الرأي و لم يرجعوا الى المصادر الأصلية للبت في هذا الموضوع.

في هذا البحث، قمنا بالتحقيق في هذا الرأي، ووجدنا أن مدينة سيلونا قد ورد ذكرها مرة واحدة فقط من قبل المؤرخ الروماني كوينتوس كورتيوس روفوس (القرن الأول الميلادي) في كتابه "تاريخ الإسكندر الأكبر"، وهو يشير إلى زحف الأسكندر الكبير من سوسه إلى أكباتانا، في طريقه مع جنوده حيث عسكر في مدينة سيلونا.

بالنسبة للباحث ، بلدة سيلونا تقع في شمال منطقة گَرميان عند سفح أو على قمة أحد جبال سلسلة قرداغ، لأن الأسكندر سلك الطريق من سوسة إلى الشمال الشرقي ماراً بمدينة سيتاكي على نهر دجلة بالقرب من مكان التي بنيت فوقها مدينة سلوقية فيما بعد أي قرب المدائن، ثم زحف مع جنوده إلى مدن أخرى على طول الطريق باتجاه الشمال الشرقي، ووصل إلى سيلونا، ثم عبر إلى باغاستانا (بهيستون) وأكباتانا (همدان الحديثة). ووجدنا أيضًا أن النقوش الملكية الآشورية تشير إلى جبل يسمى سيلونا، الملك الآشوري أداد نارارى الثالث (٨١١-٧٨٣ قبل الميلاد) في حملته على نامري وميديا، يذكر أولاً جبل سيلونا حيث تشرق الشمس، ثم احتل نامري وعبر الأراضي الأخرى في الشرق ليصل إلى ميديا، وبما أن نامري كانت تعتبر أرض الكاشيين (في فترة ما بعد سقوط دولتهم) الواقعة في منطقة سلاسل جبال سنگاو،گَرميان وقرداغ وجبال بمَو، يمكننا أن نستنتج أن جبل

سيلونا ومدينة سيلونا تقعا في نفس المكان في مكان ما في سلسلة جبال قرداغ أو عند سفحه الغربي أو الشرقي، ولاتوجد أية ادلة تثبت أية ربط بين مدينة سيلونا القديمة و مدينة السليمانية الحديثة و الآثار التي تقع تحت هذه المدينة، علينا أن نبحث عن آثار هذه المدينة في سلسلة جبال قرداغ.

من ناحية أخرى ، أشرنا إلى الأسماء الأخرى للمدن و المستوطنات القديمة التي قيلت انها تقع تحت مدينة السليمانية الحديثة مع المدن والبلدات القديمة الأخرى المذكورة في النصوص المسمارية، على سبيل المثال، اقترح كارين رادنر (٢٠١٧) أن عاصمة زاموا التي كانت تسمى مدينة أرراكدي Arrakdi التي كانت تسكنها للشعب اللولوبي تقع تحت مركز مدينة السليمانية الحالية، ولكن هذا الرأي لايدعمه الأدلة الأثرية و النصوص المسمارية، لأن آرراكدي تم ذكرها في النصوص المسمارية ثلاث مرات، وجميع النصوص تشير إلى أن المدينة كانت تقع خلف جبل منحدر، تشير حوليات آشور ناصربال الثاني ٨٨٢ق.م. إلى أن المدينة تقع عند سفح جبل منحدر سميت بجبل لارا، وهذا الجبل يجب أن يكون جبل لَري الحالي في شرقي منطقة شهربازار. و اكتشف لوح مسماري في سيتك بشهربازار، وهذا اللوح يشير أيضًا إلى مدينة أراكدي. أيضًا أن العلم المسماري سبايزر ربطت قرية  أُلوبولاغ المعروفة ب(ولوبة) وهي الآن محلة في الجزء الجنوبي الشرقي لمدينة السليمانية مع المدينة اللولوبية  لاگالاگا، و اعتمد سبايزر فقط على أوجه التشابه اللفظي بين الأسمين الجغرافيين، و لايوجد أية ادلة تثبت ذلك، في الوقت الحالي. عبد الرقيب يوسف ، إقترح أن قرية داراغا القديمة ، والتي هي الآن احد الأحياء الشرقية من مدينة السليمانية مستمدة اسمها من احدى مدن بلاد زاموا التي سميت بمدينة داگارا، وهذا الرأي ايضاً لايدعمه الأدلة الأثرية، لأن القرية و المحلة الحديثة سميت باسم أحد النبلاء يُدعى السيد دارا آغا ، ولا يوجد أي خرائب أثري في هذه المنطقة أيضًا.

تأسست مدينة السليمانية في نهاية القرن السبع عشر الميلادي على منطقة يوجد بها تل أثري ضخم وهو تل مَلكندي/دَبوكة، بنى أُمراء البابانيون قصرهم على هذا التل، والمباني الإدارية إلى الشرق منه، وعندما حفروا الأساسات لقلعة محمود باشا الباباني، وجدوا عملات معدنية ، و حجر عليها نص مكتوب بخط

غير معروف لهم، مع العديد من الجرار، بعضها كبير يحتوي على جماجم بشرية، لم تصلنا هذا النص، لأن الحجر حال اكتشافها دفنت مرة اخرى تحت المدينة.

و في عام ٢٠٠٥ ، عندما تم إنشاء مركز كاسو مول التجاري، وجدنا اثنين من الأختام يعود تاريخهما إلى عصر جمدةنصر= فترة نينوى الخامس(نهاية الألف الرابع قبل الميلاد)، و كسرة فخار تعود لعصر العبيد(الألف الخامس قبل الميلاد)، وجماجم الثيران ، قرونهم مقطوعة بآلة حادة. هذه الأدلة أدلة تشير إلى أن المدينة بنيت على مستوطنة تعود تاريخها إلى الألفية الخامسة والرابعة قبل الميلاد. تشير الاكتشافات الأثرية الأخرى في تل كونارا و تل دي كون في الجزء الغربي من المدينة على ضفة نهري قلياسان و نهر تانجرو الى أن سهل سليمانية كانت عامرة في الألف الثالث و الثاني و الأول قبل الميلاد و الميلادي، في كونارا ، تم اكتشاف العديد من الألواح المسمارية هناك، مما يشير إلى وجود مستوطنة لوللوبية هناك في قرن ٢٢ق.م. ، كما اكتشف فخار شاملو التي تعود الى الألف الثاني قبل الميلادفي دي-كون، و هي فخار انتجه اللوللوبيين.